ئاگرێکی گەورە لە بازاڕی لەنگەی شاری هەولێر کەوتەوە و هێشتا کۆنترۆڵ نەکراوە

ئاگرێکی گەورە لە بازاڕی لەنگەی هەولێر کەوتەوە و هێشتا کۆنترۆڵ نەکراوە.

ئێوارەی ئەمڕۆ سێشەممە، ئاگرێکی گەورە لە بەشێک لە دووکانەکانی بازاڕی لەنگەی هەولێر کەوتووەتەوە و تیمەکانی بەرگریی شارستانی و فریاکەوتنی هەولێر هەوڵی کۆنترۆڵی ئاگرەکە دەدەن، بەهۆی ئاگرەکەوە، دووکانێکی زۆر سووتاون.

بازاڕی لەنگەی هەولێر دەکەوێتە نێوان شەقامی 40 مەتری و 100 مەتری شاری هەولێر و بە یەکێک لە بازاڕە قەرەباڵغەکانی شارەکە دەناسرێت.

تا ئێستا هۆکاری کەوتنەوەی ئاگرەکە نازانرێت و هەوڵەکانی تیمەکانی فریاکەوتن بۆ کۆنترۆڵی ئاگرەکە و ڕێگریی لە تەشەنەکردنی ئاگرەکە بەردەوامە.